بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی 17/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (5)ی ساڵی 2010 ، بڕیارماندا بە :-

1- هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی سۆران لە گەڵ بنکەی گومرگی جوندیان و بخرێتە سەر بەڕێوەبەرایەتی مێرگەسور .

2- هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوە بەرایەتی گومرگی ئاکرێ لەگەڵ بنکەی گومرگی مەندان و بخرێتە سەر بەڕێوەبەرایەتی گومرگی دهۆک .

**بایز سعید محمد**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە ( 2 )ی ساڵی 2014**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی حەوتەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (12)ی ساڵی 2007 ، بڕیارماندا بە :-

- هێنانەکایەی ( استحداث )ی هۆبەی تەندروستی لە چوارچێوەی هەیکەلی کارگێری بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی (هەولێر – سلێمانی – دهۆك) بە مەبەستی زیاتر دابین کردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان بۆ سوودمەندانی ئۆرگانە خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکانی (خانەکانی ماڵی نەوجەوانانی کچان و کوران و خانەی ماڵی بە ساڵاچوو پەککەوتەکان) بێ بەش نەبوونیان لە چارەسەری تەندروستی بە تایبەتی لە شەوان .
- لە ڕۆژی دەرچونی ئەم بەیانە ڕێکەوتی 2014/5/6.

**د.ڕێکەوت حمە رشید**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەوەکالەت**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (15) ساڵی 2007 ، بڕیارماندا بە :-

**بەیانی ژمارە ( 42 )ی ساڵی 2014**